# نەریمان بابان:

# سانسۆرێک نییە ڕێگا لەو مەهزەلەیە بکرێت کە بەهونەر دەگرێت

**نەریمان لە شـــاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە خوێندنیشی هەر لە سلێمانی تەواو کردووە، ئێستا لەنێوان ئەڵمانیاو سوید دەژی، وەك خۆیشی ئاماژەی بۆ دەکات، هەر لە منداڵییەوە ئاشنای دەنگی مامۆســـتایان قادر دیلان و مامۆستا شەماڵ سائیب بووە، نەریمان لە خزمەتی هونەری خۆیـــدا توانیویەتی پەیامێکی گـــەورە بدات بە گوێی بیســـەرانی، هەر بۆیە هەر دەرکەوتنێکی ئومێدێکی بە جەماوەر دەبەخشـــێ لە بەسەرکردنەوەیەکدا بەم شێوەیە بۆ وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**دیمانە/ سۆران مارف کەریم**
soranmarif@hotmail.com



*** سەرەتا ئێوە لە ڕێگەی تیپی موسیقای بابانەوە چالاکییە هونەرییەکانی خۆتان دەســـت پێکرد، باشە سەرەتای دروستبوونی ئەم گروپە بۆ کەی دەگەڕێتەوە، ئەی لەو دەم و کاتەدا دروســـتبوونی ئەم گروپە چ ئامانجێکی لە پشـــتەوە بوو، کێ بیرۆکەی ئەم گرووپەی دانا؟**

- سەرەتای هونەریم لەگەڵ تیپی بابان بوو، ئێستاش دڵخۆشم کە ئەندامێکی ئەو تیپە بووم و شـــانازی بەو ئەندامێتییەوە دەکەم، دروســـت بوونی تیپی بابان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٠ هەر لەو کاتەوەش من دەستم بە کاری هونەری کرد لەگەڵ تیپی بابان وەك میوزیکژەنێکی ئامێری کیبۆرد، تیپەکە پێکهاتبوو لە ٨ ئەندام وەك هاوڕێیانم (سەرباز جەمال، زانیار شـــێخ نوری، کاوان نوری، کامەران مســـتەفا، نەریمان، محەمەد عەزیزی شـــاعیر، کاوە مستەفا، بژار دیلان)، ئەوەی جوانییەکی زیاتـــری بەو تیپە دابـــوو ئەو لایەنە بوو، کە ئێمـــە لەپێناویدا تیپـــی بابانمان دروســـتکرد، گروپێك نەبوین تەنیـــا حەزمان بەکار بێت و لەپێناو ئەو حەزەشـــدا دروست بوبین، بەڵکو ئێمە دەمانزانی بۆچی پێویستە هەبین و دامەزراندنی ئەو تیپەش چ زەرووەرەتێکی لەپشت بوو، ئێمە دەمان ویست کە بتوانیت ئەو بۆشاییەی ئەو کاتە هەبوو پری بکەینەوە لەو بوارەی کارمان تێدا دەکرد پێم وایە خەڵکی کوردستان شایەتحاڵی ئەو راســـتییەن کـــە تیپی بابان ١٤ ســـاڵ بەبێ هیچ بەرانبەرێك کاری هونەری جوانـــی ئەنجامدا، بەڵام بەداخەوە لەدوای ســـاڵەکانی ١٩٩٤ ەوە تیپەکە وەك چۆن هەموو شتێك ســـەرەتای هەبێت کۆتایی هەیە، ئەو تیپەش کۆتایی بەکارە هونەرییەکانی هێنا، دیارە کۆتاهاتنی کارەکانی ئێمەش دنیایەك هۆکاری هەیە هەر لەپەرتەوازەبوون بەهۆی ئەو باردۆخەی هاتە پێش هەتا چەند شـــتێکی تریش لەوکاتـــەدا بارودۆخێك لەوڵاتەکەمـــان هاتە پێش زۆربـــەی خێزانەکانیش نەیانتوانـــی چوارچێوەی خێزانـــی خۆیان بپارێزن ئەو باردۆخەش کاریگەری لەســـەر تیپی بابـــان و ئەندامەکانی هەبـــوو وەك هەرتاکێکی ئەو وڵاتە، بەڵام وەك ئاماژەم پێدا تیپی بابان تا ئێســـتاش مایەی شانازیمانە، چونکە تاکو ئەمڕۆش ئەو تیپە جێی قسەو باسی خەڵکە و هەریەك

**هەموو هونەری ئێمە بووە بە هەڵبەڕکێ و چەقەنەلێدان!**

لەئێمە دەزانین و هەست دەکەین شتێکمان کردووە لەخزمەتی هونەری وڵاتەکەمان، کە بەئاسانی لەبیری خەڵك ناچێتەوە.

*** لەو کاتەدا تیپی موسیقای بابان دروست بوو تا چەند توانی پەیامە هونەرییەکەی خۆی بگەیەنێت؟**

-تیپی بابان ڕێگا حۆشکەرێك بو بۆ ئەو گەنجانەی ئەو سەردەمە کە دەیان ویست کاربکەن دیارە وەك پێشتریش گوتم بابان لەکۆمەڵێك تێگەشتنی جوان پێك هاتبوو، بۆیە دەکرێ بڵێن تیپێکی بێ پەیام نەبووین پەیامی تیپەکەشمان کەم تا زۆر وای لە گەنج کردبوو هونەر و نیشتیمانیان خۆش بووێت و لە گرنگییەکانی هەبوونی ئەو دوولایەنە بگەن، ئێمە مەبەستمان بوو خزمەتی هونەر بکەین لە وڵاتەکەمان، چونکە ئەو ڕاستییەمان دەزانی وەك چۆن زۆر بوارێك لەوڵاتی ئێمە تووش بە سەرکوتکردن بوو و سەرکوتکردنیش بەدحاڵی بونێکی لەلایەنەکانی ژیان دروست کردووە، هونەریش بەهەمان شێوە تووش بەو گرفتە بووە، بۆیە بەڕاستی نیازی خزمەتی هونەرمان هەبووە، توانیشمان لەڕێی کارەکانمانەوە تێگەشتنێکی جوان بخولقێنین لای خەڵك و توانیمان کۆمەڵێك ئاوازو تێکستی جوان و بەپێز بە جەماوەر بگەیەنین کە لێوەی فێربن یان شتێکیان بیر بێتەوە وەك گوتم کارەکانمان لەو دەم وایکردووە ئێستاش تیپی بابان جێی قسەو باسی خەڵکە.

***ئێوە پەیوەندیتان لەگەڵ تیپی موسیقای سلێمانی چۆن بوو؟**

-ئێمە هیچ پەیوەندیمان لەگەڵ تیپی موزیکی سلێمانی نەبوو بە داخەوە منیش نازانم بۆ! بەڵام لەگەڵ ئەوەش کە ئێمە وەك تیپی بابان هەوڵی پەیوەندیمان نەداوە ئەوانیش هەرگیز هەوڵیان نەداوە پەوەندی لەگەڵ ئێمە بکەن و هەماهەنگیمان هەبێت کە بێگومانم ئەگەر ئەو پەیوەندی و هەماهەنگییە هەبووایە دەتوانرا کاری جوانتر بکەین، هەردوولاش خزمەتی زیاتر بکەین بەڵام ئەوە لایەنێکە کە دەبێت هەردوولا دانی پێدا بنێین کە لایەکمان بەتەنیا هۆکاری نەبوونی ئەو پەیوەندییە نەبووە خۆ ئەبێت هەردولاشمان ئەو ڕاستییە بزانین هەبوونی ئەو پەیوەندییە دەیتوانی زۆرشت لە خزمەتی هونەر و هەردوولا بەرهەم بهێنێت.

*** دوای ڕاپەرین هونەری کوردی بە جۆرێك لە جۆرەکان پەرەی سەند، هەندێك پێیان وایە ئەم پەرەسەندنانە تا ڕادەیەکی زۆر پاشاگەردانی پێوە دیارە تۆ پێت وایە ئەم پەرەسەندنە پاشا گەردانییە لە هونەری کوردیدا؟**

- بەڕاستی کێشەیەك هەیە تا دوێنێ وێڕای ئەو هەموو کۆت و بەندو هەوڵی تواندنەوە هونەری کوردی بەرەو لوتکە خۆی دەکوتا ئەگەر زۆر لەخوار لوتکەشەوە بوبێت ئەوەی جێی دڵخۆشی بوو هەنگاوەکان بەرەو لوتکە بوون، بەڵام نەتوانرا هونەری کوردی وەك بنەماو ئەرشیفێکی زانستی بگەیەنرێتە ئەو لوتکەیە کە باسمکرد، دوای ڕاپەڕینیش بارودۆخێك هاتە پێش ستۆپی بەزۆر لایەنی ژیان کرد یان لە جێی خۆی وەستاندی یان بەیەکجاری نەیهێشت ئەوەی دڵخۆشی کردین بارودۆخەکە هونەری نەسڕییەوە لەرۆحی خەڵك، بەڵام سستییەکی بەبزوتنەوەی هونەری بەخشی دوای دەربازبوونی کۆمەڵگەی کوردیش لەو بارودۆخە سەختە لەگەڵ بەرەو بوژانەوە چوونی هەندێك لایەنی ژیان و خۆ دروستکردنەوەی ئەو بوارانەی کە، رووی تێکردبوون هونەری کوردی نەك هەر وەك خۆی مایەوە بەداخەوە لەو شوێنەوە کە پێی گەشتبوو بەرەو خوار بووەوە واتە ئەو بزوتنەوە هونەرییەی هاتە پێش نەك نەیتوانی کاروانەکە بەرەو لوتکە بەردەوامی پێبدات، بەڵکو نەیتوانی لەجێی خۆیشی بیوەستێنێت و بەرەو خوار هێنایەوە، جگە لەوەش هونەر یان واڵیکرد کە بووە مەیدانی خۆتاقیکردنەوە بە شێوەیەك هەمووکەس توانای هەبێت بەهونەر خۆی تاقی بکاتەوە و خۆتاقی کردنەوەکەشی بەناوی هونەرو کاری هونەرییەوە بۆ عەرز بکرێت بێ ئەوەی سانسۆرو لایەنێك هەبێت ڕێگە لەو مەهزەلەیە بگرێت کە بەهونەر دەکرێت، بۆیە من ڕەشبینم لەو بارودۆخەی ئەمڕۆ هونەری میللەتەکەمی تێکەوتووە، چونکە ئومێدێکیش بۆ ئایندە نییە ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەوانەی بەرپرسیارەتی هونەرییان لەکوردستان پێسپێردراوە خەڵکێکی نا هونەرمەندن تەنیا بەدوای پڕکردنی گیرفانیانن و سەرقاڵی بازرگانیکردنن بەناوی خزمەتکردنی هونەری کوردی، خۆ ئەگەر کەس و لایەنێکیش نییە قسەو لێپرسینەوەی لەسەر ئەو لایەنە هەبێت بێگومان ئەوە پاشا گەردانییە و چارەنوسی هونەری کوردیش بەرەو تاریکی و نادیار هەنگاو دەنێت لە سایەی ئەو پاشا گەردانییە.

***باشە تۆ خاڵە لاوازەکانی هونەری کوردیی لە چیدا دەبینیتەوە؟**

-من وتم ئەو کاروانەی کە ناوی هونەری کوردی بوو و بەرەو لوتکە هەنگاوی دەنا یان هەوڵی ئەوەی دەدا ئاراستەکەی بۆ لوتکە بێت ئەمڕۆ تەواو پێچەوانە بووەتەوە، هۆکارەکانیشم باسکرد کە خەڵکانێکی نا مەسئول بەناوی خزمەتکردنی هونەری کوردی سەرقاڵی پڕکردنی گیرفان و بازرگانیکردنن، ئەوە جگە لەوەی لەنێو زۆرێك لەوانەش کە ناویان هونەرمەندە تێنەگشتن لەخودی هونەر بوونی هەیە و بۆ خۆشیان نازانن بۆ دەبێت هونەرمەند بن و هونەرمەند واتای چی و هونەر بۆچی ئەوە ئەو خاڵە لاوازانەیە کە لای من لایەنی سەرەکین.

***حکومەت و دەسەڵاتی کوردیی بڕێکی زۆر بودجەی بۆ پێشخستنی هونەری کوردی تەرخان کردووە، ئایا تاچەند ئەم بودجەیە توانیوویەتی ڕەوتی هونەری بەرەو پێش بەریت؟**

-من ٣١ ساڵە خزمەتی هونەر دەکەم تاکو ئێستا ئاگاداری شتێك نیم بەناوی بودجە کە حکومەتی کوردستان بۆ هونەری دابینکردبێت، بەڵام دەبینم بەناوی خزمەتکردنی هونەر و دابینکردنی میزانییە بۆ هونەر چ مەهزەلەو بازرگانییەك دەکرێت بەسامانی ئەو وڵاتەوە، دەبینم بەهۆی ململانێ ناشەرعییە سیاسییەکانەوە خەڵکانێك هەن دنیایەك پارە لەخزمەتیاندایە بەناوی هونەر و کار کردن بۆ هونەر تەفروتونای دەکەن و بەسەر دەوروبەرەکەی خۆیان دەیبەخشنەوە ئەوە دابینکردنی بودجە نییە پارە بۆ ئەوانە خەرج بکەی باش دەزانن ڕەقس بکەن کە ئاشکرایە لە ئەمرۆدا لە کوردستان ئەوانەی کەباش دەزانن خۆیان بادەن و دڵی بەرپرسەکان خۆش بکەن ئەوانە نەك میزانییەیان بۆ دابین دەکرێت، بەڵکو میزانییە مەفتوحە شمولیان دەکات، بەڵام ئەوە پارە خەرجکردنە بۆ هەوەس بازی بەرپرسەکانە نەك میزانیە دابینکردن بۆ هونەر ئەو جۆرە هونەر هەڕاجکردن و کردن بەوەسیلەکردنەی هونەریش بۆ هەوەسبازی بەرپرسەکان لە ئێمە مانان ناوەشێتەوە بۆیە چاوەڕێی ئەوەش نین لەخەوی شەویشدا بیرمان لێ بکەنەوەو دەشزانین ئێمەیان لەبیر نییە، چونکە نەخۆمان و نەکەسایەتیمان و نەهونەرەکەمان کەم نین و لەو ئاستەدا نین کە ئەوان دەیانەوێت هونەری ڕاستە قینەش نابێتە هۆکاری زیاتر بۆ هەوەسبازی بەرپرسان، بۆیە میزانییەو دابینکردنی بودجە بۆ هونەر شتێك نییە ناوو بوونی هەبێت.

***کەسانێك هەن پێیان وایە لایەنی پەیوەندار تەنها گرنگی بە هونەرمەندانی دەرەوەی وڵات دەدات و ئەوان پەراوێز خراون تۆ تا چەند لەگەڵ ئەم ڕایەدا هاوڕای؟**

-وەڵا ئەوەی وادەڵێت دەبێت لێی بپرسین هونەر چییە و کێ هونەرمەندە؟ ئەو کات دەزانێ مەبەستی چییە دیارە لەو شێوە هونەرمەندەی کە پێشتر باسمکرد لێرەو لەکوردستانیش بونیان هەیە، پێدەچێت هەرکەسیش قسەی کرد مەبەستی ئەوانە بێت واتە ئەوانەی مەزەی بەرپرس و هەوەسبازییەکانیانن ئەگەرنا ئەوە من لەدەرەوەی وڵات دەژیم خالید ڕەشید لەدەرەوەی وڵات دەژیی هونەرمەندی تریش هەیە بەهەمان

**ئەو بزوتنەوە هونەرییەی هاتە پێش نەک نەیتوانی کاروانەکە بەرەو لوتکە بەردەوامی پێبدات، هونەریان والێکرد کە بووە مەیدانی خۆتاقیکردنەوە بە شێوەیەک هەمووکەس توانای هەبێت بەهونەر خۆی تاقی بکاتەوە**

شێوە لەدەرەوە دەژی و هیچیشمان نەبینیوە ئیتر کامەیە گرنگی؟ کەوابوو دیار و ئاشکرایە مەبەست لەوانەی کە گرنگیان پێدەدرێت لەلایەنی پەیوەندیدارەوە کامانەن؟ بەداخەوە ئێمە نەك لەلایەنی ئەو لایەنە پەیوەندارەوە گرنگیمان پێنەدراوە کە تۆ باسی دەکەیت لەلایەن راگەیاندنەکانیشەوە وەك پێویست هیچ نەکراوە من هەرگیز تەنها سوپاسێکم نەبیستووە لە دەزگا راگەیاندنەکانیشەوە لەکاتێکدا هەموو بەرهەمە هونەرییەکانی من بەبێ بەرانبەر پێشکەشیان کراوە ئەدی ئەگەر ئەوە تەعامولی لایەنی بەرانبەر بێت لەگەڵ ئێمە مانان و ئەوەش تەعامولی راگەیاندنەکان بێت پێت وانییە ئەو قسەیە کەمێك زوڵم بێت لە ئێمە کە لەدەرەوەی وڵات دەژین؟ کاکی من هونەر شتێك نییە لەلای ئەو حکومەت و دەسەڵاتە تا گرنگی بە ئەم و ئەو بدات لایەنێکیش نییە بەناوی لایەنی تایبەتمەند بەهونەر جگە لەوانەی زەمینەسازی دەکەن بۆیە من پێم وایە ئەوانەی ئەو قسەیە دەکەن، یان تێنەگەشتوون لەهونەر و نازانن هونەرمەند چییە یان خۆیان لە راستییەکان گێل دەکەن.

***ساڵانێك بەر لە ئێستا لە رۆژنامەی میدیا هەواڵی هاوکاریکردنی هەندێك هونەرمەند بڵاو کرایەوە تۆش، یەکێك بووی لەو هونەرمەندانە دواتر تۆ هەندێکی تر لەو هونەرمەندانە ئاماژەتان بەوە کرد کە هاوکاری نەکراون ئایا لایەنی پەیوەندیدار بە دواداچوونی بۆ ئەم وەڵامەی ئێوە کرد، کە چۆن بەناوی ئێوەوە پارە و هاوکاری وەرگیراوە؟**

-ئەوە شتێکی زۆر ناخۆش بوو بۆ من زۆرم پێم سەیر بوو لە لستێکدا ناوی من هاتبوو کە گوایە بۆ کارە هونەرییەکانم بڕی ٢٠٠ دۆلارم وەرگرتووە، مەهزەلەکە لەوەدایە هەر کلیپێکی من ١٥٠٠٠ هەزار دۆلاری زیاتری تێچووە کلیپەکانیشم ئەو راستییە دەسەلمێنن و هەموو بەرهەمەکانیشم بێ بەرانبەر پێشکەش بە کەناڵە کوردییەکان کردووە، دیارە ئەوانیش لە پاداشتی ئەو چاکەیە بوو بەو جۆرە رەفتاریان کرد، کە من وادەزانم سوکایەتییان بەمن کردووە واش تێگەیشتووم کە وتبێتیان هەموو هونەری نەریمان بابانمان بە ٢٠٠ دۆلار کڕیوە، لەکاتێکدا وەك ئەوکاتیش رامگەیاند من هونەرەکەم ناگۆڕمەوە بەهەموو پۆست و سەروەتەکەی ئەوان، بەڵام بەداخەوە ئەو لایەنی پەیوەندیدارەی کە ئێوە باسی دەکەن بەباشیان زانی گوێی خۆیان لەم درۆ و دزی و فەزاحەتە گەورە کەڕ بکەن، ئەویش وەك هەموو شتەکانی تر، من لە ڕێگای گۆڤارو رۆژنامەکانەوە ئەو هەواڵەم بە بەدرۆ خستەوە و قسەی خۆمم کرد، بەڵام دیارە سوکایەتی کردن بە هەستی هونەرمەند لە کوردستان شتێکی زۆر ئاساییە و دزیکردن و گەندەڵیش شتێکە شانازی پێوە بکرێت، ئەگەر وانەبووایە لەو کاتەی ئێمە هەواڵی وەرگرتنی پارەمان رەتکردەوە باشترین کات بوو بۆ ئاشکرا کردنی ئەوانەی ئەو پارەیان وەرگرتووە، بەڵام نەکرا و ئەو نەکردنەش واتای هەیە.

***حکومەت و دەسەڵات ئەرکی سەرشانیەتی گرنگی بە هونەرو هونەرمەندان بدات، کەچی زۆر جاران لە ڕێگەی میدیاکانەوە بەلیست ناوی ئەو هونەرمەندانە بڵاو دەکرێتەوە کە هاوکاریکراون وەکو ئەوەی حکومەت خێریان پێبکات، باشە تۆ پێت وایە ئەرکی میدیای کوردی ئەوەیە بە دوای هاوکاری هونەرمەندا ندا بگەڕێت و مانشێتی رۆژنامەکانی پێپڕبکاتەوە یان ئەرکی زۆر لەوە گرنگتر هەیە میدیا کاری لەسەر بکات؟**

-ئەگەر حکومەتی کوردستان پارە بۆ هونەر وەك میزانییە دابین بکات، کارێکی خراپ ناکات و ئەرکیەتی بیکات، بەڵام لەکوردستان هەموو ئەو شتانەی کە دەکرێن ئەو ئەنجام دەدرێن دوورن لە ئەرکە راستەقینەکە، بۆیە میدیاو راگەیاندنەکان شتێکی خراپیان نەکردووە من پێم وایە ئەرکی راستەقینەی میدیا بەدواداچونی راستییەکانە ئەو میدیاو راگەیاندنانەی کە بەلیست ناوی هونەرمەندانیان بڵاو کردەوە رونکردنەوەو رەتکردنەوەی هونەرمەندانیشیان بڵاوکردەوە کەوابوو ناتوانم بڵێم راگەیاندنەکان لە ئەرکی خۆیان لەو بارەیەوە لایانداوە ئەوەی لەوەزارەتی رۆشنبیری بڵاوکرایەوە لە ئەنجامی شەفافیەتی وەزارەت نەبوو لە ئەنجامی ئەوەش نەبوو وەك چالاکی باسی بکەن بەڵکو لە ئەنجامی کێشەو ململانێکانی نێو خودی وەزارەتەکە دروست بوو، لە ئەنجامی ئەو کێشەو ململانێیانەش بەو شێوەیە ئەوەی لەبن بەرە بوو لە وەزارەت خرایە سەر بەرە، خۆ ئەگەر رۆژنامەکان ئەوەیان بڵاو نەکردایەتەوە و بەرباسیان نەخستایە ئەوە بێگومان نەمن و نە ئەو هونەرمەندانەش کە بۆ یەك رۆژ هاوکاری نەکراون ئاگامان لەو مەهزەلەیە نەدەبوو کە لەو وەزارەتە بە ئێمە دەکرێت و ئەو دزی گەندەڵیەش ئاشکرا نەدەبوو کە هونەمەند بێ ئەوەی ئاگای لێبێت پارەی بەناوەوە وەردەگیرێت و و تەسویەی بەناوەوە دەکرێت، بۆیە من ئەوەندەی قسەم لەسەر ئەو وەزارەتە هەیە لەو بارەیەوە قسەم لەسەر راگەیاندن نییە، چونکە ئەو ناعەدالەتییەی لە پارە خەرجکردن بۆ هونەر دەکرێت زۆر گەورە ترە لە ناعەدالەتییەکانی تر، هونەرمەندانی کوردستانیش وەك هەموو چین و توێژەکانی تر بەشداربوون لە شۆرش و قوربانیدان و لەخەبات و تێکۆشان، ئەمرۆش ئەگەر میزانییە و بودجە دابین بکرێت بۆ کارەکانیان چالاکییەکی ئەوتۆ نییە شایەنی باس بێت، چونکە هونەریش وەك هەموو لایەنەکانی تری ژیان پێویستی بە بوژانەوەو گرنگی پێدان و میزانییە بۆ دابینکردن هەیە ئەوەش ئەرکی حکومەتە، بەڵام ئەوەی کەئەمرۆ دەکرێت گرنگیدان نییە بەهونەر گرنگی دانە بەشەخس بەو شەخسانەی کە پێشتر باسمکرد ئەوەش ئەرکی میدیاکانە باسی بکەن و تیشکی بخەنە سەر بۆ ئەوەی ئێمەمانانێك بزانین چ مەهزەلەیەك بەهونەر دەکرێت، خەڵکیش بزانێت هونەر چی بەسەر دێت، و ئەو پارەیەش کە بۆ هونەری خەرج دەکەن بۆ کێیە و کێ هاوکاری دەکرێت.

***هونەر خۆی بۆخۆی پەیامێکی گرنگە و زۆر جار بۆتە پردی پەیوەندی لە نێوان نەتەوە جیاجیاکانی جیهان ئەی کورد تاچەند توانیوویەتی ئەم پەیامە هونەرییەی خۆی ئاراستەی جیهان بکات؟**

-پێشتریش لە دیمانەیەك باسی ئەوەم کردووە ئێمە وەکو میللەت قەزیەکەمان نەبۆتە قەزیەیەکی جیهانی تا لایەنەکانی ژیانمان بگاتە ئەو ئاستەی لەسەر ئاستی جیهانی کاری بۆ بکرێت، بەڵام هەوڵدان هەیە و دەکرێت کارەکانیش لەسەر ئاستی کاری تاك بگاتە ئەو ئاستەی لەلای نەتەوەکانی تری دنیا جێی بایەخ و تێگەشتن بێت، بەڵام بەگشتی وەکو هونەری نەتەوەو میللەتێك زۆرمان ماوە، وەکو تاك هەوڵ هەیە و زۆرکات هەوڵەکانیش جێی دڵخۆشین، خۆ ئەگەر ئەو میزانییەو شتەش کە کەس نایبینێ و باسیش دەکرێت ئەسڵی هەبووایەو بۆ هونەر و کاری هونەری خەرج بکرایە لەوانەیە شتێك بکارایە بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام تا ئێستا ئەوەی تۆ باسی دەکەیت کارێکی زەحمەتە.

***زیاتر لە چوار ساڵ دەبێت حکومەت و هونەرمەند و ڕێکخراوی هونەرمەندان کار بۆ بەرگریگرتن لە دیاردەی کۆپی کردن دەکەن، کەچی تا ئیستا نەبۆتە یاساو نەچەسپاوە تۆ ئەمە بۆ کەم تەرخەمی کێ دەگەڕێنیتەوە؟**

-وادەزانم لەلای ئەو سیاسیانەی کە ئەمڕۆ وڵات دەبەن بەڕێوە هونەر شتێك نییە بوونی هەبێت و بیری لێ بکرێتەوە لای ئەوان هونەر تەنها مەزەی شەوە سورەکانە و شتێك نییە جێی بایەخ بێت، بۆیە زۆر لەدوای ئەو مەسەلەی کۆپی کردن و باسکردن لەیاسای ڕێگری

هونەریش وەک هەموو لایەنەکانی تری ژیان پێویستی بە بوژانەوەو گرنگی پێدان و میزانییە بۆ دابینکردن هەیە ئەوەش ئەرکی حکومەتە

لەکۆپی کردن یاسای تر باسکراوە پەسەندکراوە و چووەتە واری جێبەجێکردن، بەڵام یاسای پاراستنی مافی هونەرمەند تۆزی لەسەر نیشتووە و کەس لێی ناپرسێتەوە ئەوە جگە لەکەمتەرخەمی حساب نەکردنە بۆ هونەر و هونەرمەند بەڵام ئەگەر ئەو دەسەڵاتەش خۆی پێی نەزانێت هەموو کەس دەزانێت کۆپی کردنی بەرهەمە هونەرییەکان دەگەڕێتەوە بۆ بێدەسەڵاتی دەسەڵات هەمیشە وتومە من دژی دەسەڵات نیم ئەوەندەی دژی بێدەسەڵاتی دەسەڵاتم بەڕاستی ئەوە نەنگی و شەرمە بۆ دەسەڵاتی کورد هونەرمەندی کورد لەسایەی ئەودا بەرۆژی رووناک بەبەرچاوی پۆلیس و دادگا و یاسا پارێزەکانییەوە دزی لێ دەکرێت و سەروەتەکەی کە هونەرەکەیەتی بەتاڵان دەبرێت.



***ئێمەی کورد کەی دەتوانین کارە هونەرییە باشەکان لە خراپەکان جیا بکەینەوە؟**

-زۆرجار لەو بارەیەوە قسەم کردووە، من وتومە تێنەگەیشتن بۆ هونەر لەنێو خەڵک و لەنێو جەماوەری کورد بەشێکە لەدروستبوونی ئەو هونەرە لۆکاڵی و بازاڕییەی کە ئێستا سەراپای هونەری کوردی داگیرکردووە، بەڵام لەو قسەیەی منیش ئەو راستییە بەدەردەکەوێت ئەوانەی ئەمڕۆ ناوی خۆیان ناوە هونەرمەند زۆرلەوە بچوکترن کاری هونەری بکەن، چونکە هونەر و کاری هونەری دەبێت پێشەنگ بن بۆ ئاراستەکردنی خەڵک نەک حەزی خەڵك پێشەنگ بێت بۆ دیاریکردنی ئاراستەی کارە هونەرییەکان کە ئێستا حەزێکی موراهیقانە پێشەنگ و بنەماو ناوەڕۆکی کارە هونەرییەکانن ئەوەی ئەو رەوشەی خولقاندووە تێنەگەیشتنی خەڵکە، ئەوەی ئەو خەڵکەی واڵیکردوە و لە ئاستی بیر کردنەوەیەکی باش نەبێت بۆ هەموو لایەنەکانی ژیان ئەو هەموو دەردەسەرییەبوو کە بەسەر ئەو میللەتەدا هات ئەوەی ئەمڕۆ ئەو واقیعە زیاتر فەرزدەکات و تەوزیفی دەکات بۆکایەو کارە هونەرییەکان کە نەپێشەنگ بێت و نە بە مانای هونەر هونەر بێت تێنەگەیشتنی خودی هونەرمەندەکانە لە ئەرك و رۆڵی هونەر ئەگەر هونەرمەندان تێگەشتن هونەر چییە دەتوانن بەگشتی هونەرێك بکەن کە رۆڵی هەبێت لە هۆشیارکردنەوەی خەڵك نەك زیاتر مەستکردنی، ئەگەر ئەم رەوشەش بەم شێوەیە بەردەوام بێت ئەوە کارەساتە کە کورد دەیەوێت پەیامی هونەری میللەتەکەی بەهەڵپەڕکێ بگەیەنێت و هونەرمەندیش نەك توانای تێگەیاندن و سەرمەشقی کردنیان نییە تەسلیم بەو حەزە بوون و گاوانی هەڵپەڕکێکانیان گرتووە.

***چی تێدایە ئەگەر سود لە هونەری بیانی وەربگرین؟**

-بەردەوام ئەوەم راگەیاندووە کە سود وەرگرتن لە هونەری وڵاتەکانی تر کێشەیەك نییەو بگرە لە بەرژەوەندیماندایە، بەڵام هەموو کات ئەوەم رەتکردۆتەوە کە هەندێك کەس دێن کۆپی هونەری میللەتانی دەوروبەر دەکەن و وەك خۆی لە هونەری کوردی دادەنێنەوە من پێم وایە ئەم جۆرە کۆپی کردنە جگە لە ئیفلاسی هونەری ئەو کەسانەی کە بەوکارە هەڵدەستن هیچی تر نییە و کارەکانیشیان نەك ناچێتە قاڵبی کاری هونەری و خزمەتکردن ناشچێتە قاڵبی خۆ فێرکردن، بەڵکو دەچێتە خانەی دزی لەمیللەتانی تر و دەچێتە خانەی تاوان لەبەرانبەر هونەری کوردی چونکە کاری نەتەوەکانی تر دەهێنێت بەچاك و خراپیانەوە ناوی دەنێی هونەری کوردی لەوکاتەشدا ئەو جۆرە کارانە مۆرکە راستەقینەکەی هونەری کوردی لای خەڵك دەشێوێنێت و شێواوییەك بۆ خوێندنەوە و ناسینەوەی هونەری کوردی دروست دەکەن، ئەوەش تاوانە، بۆیە من ئەوە دەڵێمەوە ناکرێت داخوایمان وامان لێبکات سود لە هیچ هونەرو ئەزموونێکی هونەری پێشکەوتووی دەرەوەی خۆمان وەرنەگرین و ناشکرێت کراوەیمان بەرووی ئەو تێکەڵاوی سود وەرگرتنە وامان لێ بکات کۆپی هونەری میللەتانی تر بهێنین و بەناوی هونەری کوردییەوە عەرزی بکەین.

*** تاچەند پێت وایە هونەرمەند پێویستە بارکگراوێکی فکری مەعریفی هەبێت؟**

-ئەگەر لەوەڵامەکانی پێشوو ورد بیتەوە هەندێك قسەم لەسەر ئەو مەسەلەیە کردووە من باسم کرد خەڵکی ئێمە تێنەگەشتنی بۆ هونەر هەیە و تەسلیم بوونی هونەرمەندەکانیش بەوتێنەگەشتنە شێواوی لە هونەری کوردی خولقاندووە، بۆیە ئەگەر هونەرمەند هۆشیار بێت دەتوانێت بە پێچەوانەی شەپۆلەکانی ئەو تێنەگەیشتنە مەلە بکات و توانای رووبەڕو بونەوەی ئەو شەپۆلانەی دەبێت هەرچەند بەهێزبن ئەویش لەکاتێکدا کە خودی ئەو هونەرمەندە تێگەشتنی بۆ ئەرك و رۆڵی هونەر گەیاندبێتییە ئەو بڕوایەی رووبەڕووی ئەو شەپۆلانە بێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو جۆرە تێگەیشتنە زۆر کەمە و ئەو کەمییەش هونەری کوردی شێواندووە، بەشێوەیەك هەموو هونەری ئێمە بووە بەهەڵپەڕکێ و چەقەنە لێدان و هەموو جەماوەری ئێمەش بووە بەسەرچۆپی گرو گروپی شایی، بەڵگەی ئەو قسەیەش ژمارەی کۆنسێرتە هونەرییەکان و ئاهەنگی هەڵپەڕکێکانە، بزانە کامیان زۆرتر لەوی تریانە و جەماوەری کامیان بەجۆش و بەژمارە ترە، ئەو شێواویەش ئەنجامی نەبوونی ئەو رۆشنبیری و مەعریفەیە کە تۆ پرسیاری لەبارەوە دەکەیت، خۆ ئەگەر ئەو سەقافەتە بوونی هەبوایە ئەوە حاڵی هونەر نەدەبوو بۆیە ئەگەر زۆر بەکورتی وەڵامت بدەمەوە دەڵێم: ئەگەر پرسیارەکەت لەسەر ئەو بارودۆخە بێت کە ئەمڕۆ هونەری کوردی پێیدا گوزەر دەکات، بەهیوام ئەو چەند قسەیەی کردومانە وەڵامێکی دروست بێت بەڵام ئەگەر لەمانای هونەر تێبگەین بەمانای خۆی ئەوە ئەو پرسیارەی بەرێزتان و وەڵامدانەوەی ئێمەش بێ مانا دەبێت، چونکە هونەر بۆخۆی واتای تێگەیشتن و تێگەیاندنە ئەگەر خەڵکێك ئەو توانایەی نەبوو ئەوە هونەرمەند نییە، کەوابوو ناکرێت بڵێن هونەرمەند بەکەسێك ئەگەر لەسەقافەت و مەعریفەتی دڵنیا نەبین کاتێك پێشمان وت هونەرمەند ئەبێت موتڵەقەن گەشتبێتە ئەو بڕوایەی کە رۆشنبیری و مەعریفەتی هەیە، کە گەشتینە ئەو بڕوایەش پرسیارەکە و وەڵامیش مانای نامێنێت.

**هەندێک کەس دێن کۆپی هونەری میللەتانی دەوروبەر دەکەن ئەم جۆرە کۆپی کردنە جگە لە ئیفلاسی هونەری ئەو کەسانەی کە بەوکارە هەڵدەستن هیچی تر نییە و کارەکانیشیان نەک ناچێتە قاڵبی کاری هونەری و خزمەتکردن ناشچێتە قاڵبی خۆ فێرکردن، بەڵکو دەچێتە خانەی دزی لەمیللەتانی تر و دەچێتە خانەی تاوان لەبەرانبەر هونەری کوردی چونکە کاری نەتەوەکانی تر**

# حەلیمە بولەند بۆ گوڵان:

# فەوازیری من جیاوازی هەیە

حەلیمە بولەند یەکێکە لە ئافرەتە راگەیاندنکارە عەرەبە هەرە سەرکەوتوو و دیارەکان، هەرچەندە ئەو زیاتر لە بواری راگەیاندن و پێشکەشکردنی بەرنامە ناسراوە، بەڵام بەم دواییە رووی کردۆتە بەشداریکردن لە فەوازیر بۆ کەناڵی (رای) ئەمەش تاقیکردنەوەیەکی تا رادەیەك نوێیە، ئێستاش بەشێکی نوێی (فوازیر حلیمە) تەواو بووە و بڕیار وایە لە مانگی رەمەزانی داهاتوودا پێشکەش بکرێت، لە رێگای خاتوو فاتیما داود کە بەڕێوەبەری کارەکانی حەلیمەیە لە لوبنان چەند پرسیارێکمان ئاراستەی حەلیمە بۆ ئەوەی وەڵاممان بداتەوە، فاتیما دوای ئەوەی پرسیارەکانی ئێمەی گەیاندە حەلیمە زۆر پرسیاری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی دەکرد کە ئایا بەرنامەی عەرەبییان هەیە یاخود کەناڵی تایبەت بە زمانی عەرەبی بەرنامەکانی پێشکەش دەکات، لە کۆتاییشدا بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە/ خەلیل بلەیی
Xalil2001@yahoo.com



## فەوازیریش نواندنە

*** ئایا فەوازیریش نواندن نییە بۆچی بەشداریت لە کارێکی سینەماییدا نەکرد؟**

- بەڵێ ئەویش نواندنە، بەڵام جوڵەی زۆری تێدایە منیش زۆر حەز لەو جۆرە کارانە دەکەم کە جوڵەی هەبێت، بۆ ئەوەی تووشی بێزاری نەبم.

*** وەك دەردەکەوێت لاسایی زۆر لە کەسایەتییە ناودارەکان دەکەیتەوە، ئەمە بۆ تۆ زەحمەت نەبوو؟**

- بێگومان زەحمەت بوو، چونکە ئەگەر لاسایی یەکێك بکەیتەوە لە فەوازیر دەبێ شێوە و رووخساریشت وا لێبکەی لێی نزیك بێت.

*** لاسایی کردنەوەی کامیان زۆر زەحمەت بوو؟**

- هەموویان تا رادەیەك زەحمەت بوون، بەتایبەتی هەندێك هونەرمەند و ناوداری جیهانی گەورەن و هەر هەڵەیەك رەنگە ببێتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵك رقیان لێت بێت، بۆیە زۆر بە وریاییەوە کارم دەکرد.

*** کە لاسایی ئوم کەلسومت کردۆتەوە هەستت چۆن بوو؟**

- هەست بە سەربەرزییەکی زۆر گەورە دەکەم کە بتوانم لاسایی ئوم کەلسوم بکەمەوە، بەڵام ترسیشم هەبوو لەوەی نەتوانم سەرکەوتن بەدەست بهێنم، چونکە نە من و نەکەسی دیکە هەرچییەك بکەین ناگەینە ئاستی ئوم کەلسوم.

*** کام لەو کەسایەتیانەت زۆر بە دڵ بوو کە لاساییت کردونەتەوە؟**



- دەتوانم بڵێم هەر هەموویان، چونکە هەموویان کەسایەتی ناودارن لەسەر ئاستی جیهانی و هەر یەکێك لە بوارێکی تایبەت، هەروەها ئەگەر یەکێك لە کەسایەتییەکانم بە دڵ نەبوایە ئەوا دەمانتوانی ڕەتی بکەینەوە و پێشکەشی نەکەین.

*** تۆ بە ڕاگەیاندنکار و بێژەر ناوبانگت دەرکرد، ترسی ئەوەت نەبوو بە فەوازیر بەشێکی زۆری جەماوەرەکەت ڕایان بگۆڕێ لە بەرامبەرت؟**

- نەخێر ئەو ترسەم نەبوو، چونکە ئەگەر سەرکەوتنیشم بەدەست نەهێنابا ئەوا زۆر ئاسایی بوو زۆر کەسیش لە ژیاندا کارێك دەکات و ڕەنگە تێیدا سەرکەوتوو نەبێت، بەلای منەوە گرنگ ئەوەیە کە ئارەزووی ئەنجامدانی کارێت هەبێت بیکەی باشترە.

***هەستت دەکەی سوودت بە بینەر گەیاندبێت لە بەرنامەکان؟**

- ئەم پرسیارە پێویستە لە خەڵك بکرێت، بەڵام ئەگەر زەردەخەنەیەکم خستبێتە سەر لێوی کەسێك ئەمە بۆ من گەورەترین کار و دەستکەوتە و هەمیشە شانازیی پێوە دەکەم،

*** خۆشەویستی بۆ تۆ چ دەگەیەنێ؟**

- خۆشەویستی بریتییە لە هەموو شتێکی جوان لە ژیانی مرۆڤ، خۆشەویستی هۆکارێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ هەمیشە بە ئومێدەوە لە ژیان و دوارۆژ بڕوانێت و هەوڵ بدات داهێنان بکات لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا.

## حەزم لە بەرنامەی سیاسی نییە

*** ئایا پروپاگەندە کاریگەرییان بەسەر کاری هونەری تۆوە هەیە؟**

- بێگومان پروپاگەندە تارادەیەك کاریگەری بەسەر هەر مرۆڤێکەوە هەیە و ڕەنگە ببێتە هۆی ساردکردنەوەی، بەڵام بە لای منەوە شتێکی ئاساییە هەر کەسێك ناوبانگ دەربکات و لە لایەن خەڵکەوە ناسراو بێت دووچاری پروپاگەندە دەبێتەوە.

*** بیرت لەوە نەکرۆدتەوە بەرنامەی سیاسی پێشکەش بکەی؟**

-زۆر حەزم لە سیاسەت نییە، بەڵام مەبەستم ئەوە نییە کە سەیری بەرنامە سیاسییەکان ناکەم، چونکە ئێمە هەریەکمان تا ڕادەیەك سیاسین ئەگەر سیاسیش نەبین ئاگاداری زۆربەی وردەکارییەکانی سیاسەتی ئەمڕۆی جیهانین، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە ناوچەیەکی گەرم و گوڕداین لە بواری سیاسەتەوە هەر ڕۆژێك ڕووداوێکی سیاسی نوێ دەبینیین، دەتوانم بڵێم ئەوەێ ئێمە لە ماوەیە بیست ساڵی ڕابردوودا بینیمان وڵاتانی دیکە بە سەدەیەك نەیانبینیوە.

*** سەختییەکانی کاری ڕاگەیاندن بۆ ئافرەتان چین؟**

- ڕاگەیاندن بۆ پیاو و ئافرەت سەختە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئافرەت لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی بە گوێرەی دابونەریت کۆمەڵایەتی رەفتاری لەگەڵدا دەکرێت بێگومان ئەم کارە بۆ ئافرەت زەحمەتترە.

*** ئایا شانس ڕۆڵی هەبووە لەوەی تۆ بگەیتە ئەو ئاستەی ئێستا؟**

- بێگومان شانس لە هەموو شتێکدا تا ڕادەیەك ڕۆڵی هەیە لە ژیانی مرۆڤ، بەڵام نابێ تەنیا پشت بە شانس ببەستین، دەبێ خۆیشمان هەندێك هەوڵ بدەین و هیچ کارێکیش بێ ئەرك و ماندووبوون نابێت.

*** ئایا بەرنامەی سیاسی تەنیا بۆ پیاوانە؟**

- نەخێر زۆر ئاساییە ئافرەتیش پێشکەشی بکات زۆر لە ئافرەتانی ڕاگەیاندنکار هەن تەنیا بەرنامەی سیاسی پێشکەش دەکەن، زۆریش سەرکەوتوون نموونەشمان زۆرە، هەروەها ڕۆژانە دەبینین چەندین ئافرەت لە کەناڵە جیاجیاکان هەواڵ پێشکەش دەکەن کە بەشێکی زۆری هەواڵەکان سیاسییە.

## ناتوانم وەسفی خۆم بکەم

*** ئەو سیفاتەی تۆ چییە کە هەمیشە شانازی پێوە دەکەی؟**

- من ناتوانم وەسفی خۆم بکەم کە چۆنم و چۆن نیم، بەڵام ڕاستگۆیی لە کارەکانمدا هەمیشە یەکێك بووە لەو سیفاتانەی کە من پێی ناسراوم.

*** جوانی هیچ یارمەتی تۆی داوە بۆ سەرکەوتن؟**

- بێگومان جوانی یەکێکە لە هۆکارەکانی دەرکەوتن و ناسینی بێژەر و ڕاگەیاندنکاران بەتایبەتی بۆ ئافرەتان، بەڵام کەسایەتییەکی بەهێز دەبێتە هۆی ئەوەی ئافرەت زیاتر سەرکەوتوو بێت لە بواری ڕاگەیاندندا بەتایبەتی لە ڕاگەیاندنی بینراو.

*** چی دەبێتە هۆی شاردنەوەی کەموکوڕییەکانی بێژەر؟**

- پێویستە بێژەر یان ڕاگەیاندنکار هەوڵ بدات کەمترین ڕادەی هەڵەی هەبێت، چونکە هەموو ڕاگەیاندن بۆ ئافرەت سەخت و زەحمەتە کەسێك دەیبینێت و دەچێتە هەموو ماڵێك و هەڵەکانی لەسەر حیسابە، ڕەنگە هەندێك جار شتی واش ڕوودات کە لە دەرەوەی توانا و ئیرادەی بێژەر بێت.

*** بێژەری چ مەرجێکی هەیە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت؟**

- مەرجەکانی بێژەر یان ڕاگەیاندنکاری سەرکەوتوو زۆرن، بەڵام بەلای منەوە لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە چۆن بتوانێت کاریگەری بەسەر زۆرترین خەڵکەوە هەبێت و خەڵك لە بینینی بێزار نەبن، بەڵکو بە پێچەوانەوە تامەزرۆی بینینی بن و چاوەڕێی بەرنامەکانی بن.

*** بەچی بێزار دەبی؟**

- هەندێك جار تووشی گرفتی وابوومەتەوە کە نە لە دوور و نە لە نزیك ئاگاداری نەبووم و پەیوەندیی بە منەوە نەبووە، ئەم جۆرە کارانە زۆر بێزارم دەکات.

*** تۆ هەمیشە دەم بە پێکەنینی ئایا لە واقعی ژیانیشدا هەروای؟**

- بەڵێ من هەمیشە زەردەخەنە لەسەر لێوانمە ڕەنگە ئەمەش یەکێك بێت لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی من، باوەڕ ناکەم تا ئێستا کەسێکم لە خۆم زویر کردبێت.

*** فوازیر کەی پێشکەش دەکرێت؟**

پەنا بە خوا لە مانگی ڕەمەزانی داهاتوودا لەسەر شاشەی کەناڵی (الرای) پێشکەش دەکرێت، هیوادارم بتوانم بەم کارەشەم زەردەخەنەیەکی تر بخەمە سەر لێوی بینەران بۆ ئەوەی ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت لە خەم و ناخۆشی و نەهامەتییەکان دوور بکەونەوە.

**جوانی یەکێکە لە هۆکارەکانی دەرکەوتن و ناسینی بێژەر و ڕاگەیاندنکاران بەتایبەتی بۆ ئافرەتان**

# هونەرمەند مەریوان سەفائەدین بۆ گوڵان:



**مەریوان سەفادین هونەرمەندێکی بە ئەزموون و بەتوانای بواری هونەری گۆرانی و موسیقای کوردییە و ساڵانێکە لە خزمەت هونەری کوردیدا بوونی خۆی سەلماندووە، سالانێکە ئەو لە تاراوگە ژیانی خۆی دەگوزەرێنی کەچی کە گوێبیستی بەرهەمانیشی دەبیت پیت وایە ئەم تیکەڵاویەی هەست و ناخ و کلتوری نەتەوەکەیەتی هەربۆیەش توانیویەتی هەوادارێکی زۆر لە دەوری هونەرەکەی خۆی کۆبکاتەوە، بۆیە ئێمە بە چاکمان زانی ئەم دیدارەی لەگەڵدا ساز بکەین.**

لە سەرەتادا هونەرمەند مەریوان سەفادین بەمشیوە هاتە ئاخاوتن و گوتی: سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەریم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢ کە کاریگەری و هاوکاری کۆمەڵێک هاوڕێم بوو وایان لێکردم بێمە دنیای هونەرو گۆرانی بڵێم، چونکە زۆر هانیان دەدام گۆرانی بڵێم ڕۆژانە پێیان دەوتم کە دەنگم خۆشەو توانام هەیە گۆرانی بڵێم بۆ خزمەت کردنی هونەری کوردی، بەڵام دوای ئەوەی منیش بەڵینم دا کە بە گوێی هاوڕێکانم بکەم و گۆرانی بڵێم ئیتر لێرەوە سەرەتاکەم دەستی پێکردو بەلامەوە نارەحەت بوو، چونکە من دەمویست ڕێگایەک بدۆزمەوە کە هەندێ کەسانی هونەرمەندی خاوەن ئەزموون هاوکاریم بکەن ئیتر ئەوە بوو کاک بەهجەت یەحیام ناسی و هەموو هاوکارییەکی کردم و هەر ئەویش فێری مقامات و چۆنیەتی ئاواز دانان و کۆمەڵێ شتی تری کردم، وەک ڕێنمایی و خۆ دۆزینەوە لە بوارەکەمدا تا وایلێکردم توانیم دەنگێکی تایبەت و ستایلێکی تایبەت بە خۆم بدۆزمەوە کە تا ئەمڕۆ لەسەر ئە ڕێچکەیە بەردەوامم.

## ڕۆڵی کلیپ گرنگە

- بەڵێ کلیپی زۆر وا لە هونەرمەند دەکات کە زوتر بناسرێت، هەرچەندە من بۆ خۆم ئەوەندە کلیپم نییە بە پێی پێویست کە دەبوو هەمبووایە، بەڵام من پێم وایە کە کاری جوان ئاواز و تێکستی جوان دەنگی باش بە بێ کلیپیش دەتوانێ هونەرمەند بناسێنێت.

لە ڕاستیدا من هەر لە منداڵییەوە زیاتر گوێم لە هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتی وڵات گرتووە و ئەتوانم بڵێم کە کاریگەری تەواویان لەسەرم هەبووە و زۆر جاریش خەڵک پێم دەڵێن و واش ئەزانن کە من خەڵکی ڕۆژهەڵاتی وڵاتم چونکە پێیان وایە دەنگم دەچێتەوە سەر زۆربەی هونەرمەندانی ڕۆژهەڵات، بەڵام لە ڕاستیدا دەنگی من دەنگێکە کە هەڵقوڵاوی ناوچەی هەڵەبجەیە بەتایبەتی.

- من پێم وایە هونەرمەند پێش ئەوەی بیر لە وە بکاتەوە کە هەموو ساڵێک دەبێت ئەلبومێکی گۆرانی بە بەرهەم بێنێت باشتر وایە بیر لە کاری زۆر باش بکاتەوە نەک کاری زۆر و بۆر، چونکە کاری جوان دەتوانێت زوو جێی خۆی لەناو دڵی جەماوەر بکاتەوە، نمونەش زۆرە

# ـــەکان تاوانبارن بە لەناوبردنی هونەری ڕەسەنی کوردی

گۆرانی بێژ هەیە لە ژیانی هونەری خۆیدا تەنها چەند گۆرانییەکی هەیە، بەڵام بەهۆی جوانی و خۆشی گۆرانییەکەی بۆ هەتا هەتایی لە دڵ و گوێی خەڵکیدا زیندو دەمێنێتەوە وە لە هەمان کاتیشدا گۆرانیبێژ هەیە هەموو ساڵێك ئەلبوومێک تۆمار و بڵاو دەکاتەوە ئینجا لای کۆمەڵێکی زۆر خەلک پەسەند ناکرێت و زوو لەناو دەچێت و بۆ هەتا هەتایی لەبیر خەڵکی دەچێتەوە.

## زۆربەی ڕاگەیاندنە کوردییەکان تاوانبارن

-من پێم وایە زۆربەی ڕاگەیاندنە کوردییەکان تاوانبارن لە بە لەناوبردنی هونەری ڕەسەنی کوردی و هەر ئەوانیشن هەموو ئەو بەرهەمە ناخۆش و نەشازانە دەگوێزنەوە بۆ گوێی خەڵکی لەباتی ئەوەی ڕاگەیاندنە کوردییەکان لای خۆیانەوە سانسۆر و فلتەرێک لەسەر بەرهەمە هونەرییەکان دابنێن، کەچی بە پێچەوانەوە ڕاگەیاندنەکان هیچ کارێکیان بۆ ئەو مەبەستە نەکردووە و بگرە بێ هیچ گوێپێدانێک ئەو بەرهەمانە بڵاو دەکەنەوە و ڕاگەیاندنەکانی خۆیانی پێ قەرەباڵغ دەکەن بە داخەوە.

دەربارەی ستایلیش دەڵێ: ستایلی من ڕاستە ستایلێکە تایبەتە بە خۆم و تا چەند جێی خۆی کردۆتەوە، ئەوەیان دەبێ جەماوەر ڕای خۆی لەسەر بڵێت، کە تا چەند ئەو شێوازەی منیان قبوڵە، بەڵام دڵنیام زۆر باش جێی خۆی لەناو دڵی جەماوەر کردۆتەوە و وە منیش بەردەوام دەبم لەسەر ئەو ستایلەی خۆم، بەڵام هەمیشە بە جوانکاری نوێکارییەوە هەوڵی لەگەڵ دەدەم.

من هەمیشە ئاوازێک هەڵدەبژێرم کە لەگەل دەنگم بگونجێت، زۆر بە داخەوە هەندێ گۆرانی بێژ هەن کە گۆرانی وا دەڵێن کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ دەنگیان ناگونجێت ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ نەشارەزایی ئە گۆرانی بێژە لە بوارەکەیدا و هەندێ گۆرانیش دەوترێت کە گوێم لێی دەبێت من لای خۆمەوە تەریق دەبمەوە، ئەو دەنگەو ئەو گۆرانییەیان نەوتووە.

من بۆ خۆم بەلامەوە زۆر گرنگ نییە هۆنراوە هی کام هۆنراوە نووس بێت گرنگ ئەوەیە ئەو هۆنراوەیە جێی خۆی لەناو ئەو ئاوازەدا بکاتەوە کە من دەمەوێت بیڵێم، من زیاتر حەزم لە هۆنراوەیەکە کە بۆ خۆشەویستی بنوسرێت ئیتر ئەو خۆسەویستییە بۆ هەر شتێک بێت.

جاران گۆرانیبێژەکانمان کە ئێستا زۆربەیان نەماون ئاوازی عەرەبی و تورکیان دەوت، دیاردەی گوتنی یان بەکارهێنانی ئاوازی عەرەبی یان تورکی نوێ نییە، جاران گۆرانیبێژەکانمان کە ئێستا زۆربەیان نەماون ئاوازی عەرەبی و تورکیان دەوت بە تێکستی کوردی ئاسایی بوو وایە ڕاستە،بەڵام جاران لە کوردستان بارودۆخەکە زۆر جیاوازتر بوو لە ئێستا بۆیە ئاسایی بوو. ئێستا بارودۆخی کوردستان جیاوازەو ناسکە ئێمە دەمانەوێت کورد و کوردستان زیاتر بناسێنین لە ڕێگای کلتورو هونەر و زۆر شتی تر کە تایبەتن بە نەتەوەی کورد ئێ باشە ئێمە ئەگەر ئێستا گۆرانی عەرەبی و تورکی و ئەوانە بێنین بەوە چۆن ئەتوانین بڵێین ئەوە هونەرەکەی ئێمەیە وەک و کورد؟ ئێمە دەبێت هونەری ڕەسەنی کوردی بناسێنین کە بتوانین لای هەموو دنیا شانازی بە هونەرەکەمانەوە بکەین، نەک پێمان بڵێن ئەمەی ئێوە دەیڵێن تایبەت نییە بە نەتەوەی کورد بەڵک و عەرەبییە و تورکییە.

## ئاساییە سوود لە بیانییەکان وەربگرین، بەڵام پێویستە فۆلکلۆریش پشتگوێ نەخرێ

- من پێم باشە سود لە هونەری ئەو نەتەوانە وەربگرین کە هونەرەکەیان لە هونەری کوردییەوە نزیکە، نەک هونەری ڕۆژئاوایی، چونکە ئێمە ڕۆژئاوایی نین.

- ڕاستە زۆربەی هونەرمەندان بڕیاریان داوە چیتر بەرهەمەکانیان بە شێوەی ئەلبووم بڵاو نەکەنەوە منیش، خۆم یەکێکم کە هەمان بڕیارم داوە تا ئەو ڕۆژەی کە ئێمەی کورد دەگەینە ئەو ئاستەی کە ڕێز لە هونەر و کارە هونەرییەکانی هونەرمەندان دەگرین و بەرهەمەکانیان کۆپی ناکرێت، بەرهەمەکانم بە ئەلبووم بڵاونەکەمەوە، چونکە لە وڵاتی ئێمە هیچ یاسایەک نییە بۆ ڕێگرتن لە کۆپی نەکردنی بەرهەمی هونەرمەندان.

من ناڵێم ئێمە دەبێت تەنها گۆرانی فۆلکلۆر بڵێینەوە، بەڵام بۆ گەنجە بەهرەمەندەکانی ئەمڕۆ بۆ ئاشنا بوون بە هونەری ڕەسەنی کوردی پێویستە سود لە فۆلکلۆری کوردی وەربگرن و پشت گویی نەخەن بۆ ئەوەی بتوانن هونەری ڕەسەنی کوردی بپارێزن، نەک تەنهاش گۆرانی فۆلکلۆر بووترێتەوە.

هەروەها پێویستە ئێمە وەک هونەمەندانی کورد بۆ ئەوەی لەگەل هونەری هاوچەرخ دوا نەکەوین لە هەوڵداندا بین بۆ شتی نوێ و جوانتر، بەڵام پێویستیشە هەموو کات ڕەسەنایەتییەکەی بپارێزین.

## هونەرمەند پێویستە شارەزایی هەبێت

چەند خاڵێکی گرنگ هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت بە کەسێک بووترێت هونەرمەند، یەک لەوانە پێویستە هونەرمەند زۆر ئاگای لە شەخسیەتی خۆی بێت و کارە هونەرییەکانی تەنها بۆ بەرژەوەندی کەسایەتی بەکارنەهێنێت و مەبەستی پێشخستنی هونەرەکەی بێت، پێویستە شارەزاییەکی باشی هەبێت لەبوارەکەیدا بۆ نمونە گۆرانی هەیە جەندین ساڵە گۆرانی دەڵێت، بەڵام مقامەکان ناناسێت و ناشتوانی دوکەلیمە مقام بڵێت بەراستی ئەمانە هەموو شەرتن بۆ ئەوەی بە کاسێک بووترێت هونەرمەند.

من ناتوانم بڵێم فڵان هونەرمەند کاریگەری هەبووە لەسەرم، بەڵام بە گشتی گوێم لە زۆربەی زۆری گۆرانیبێژەکان گرتووە و سودم لێوەرگرتوون بەتایبەت هونەرمەندانی ڕۆژهەڵات.

من پێم وایە هونەرمەند پێویستە هەر هیچ نەبێت لە بوارەکەی خۆیدا شارەزایی هەبێت و بتوانێت گفتوگۆی لەسەر بکات، ئەگەر لە قوتابخانەیەکی تایبەت بە بوارەکەشی نەیخوێندبێت، من پێم باشە کە بەردەوام بخوێنینەوە بۆ ئەوەی بتوانین شارەزاییەکی باش و باگراوەندێکی ڕۆشنبیریمان هەبێت. بەتایبەت خوێندنەوە بۆ هونەرمەندان زۆر پێویستە..

**هونەرمەند پێویستە هەر هیچ نەبێت لە بوارەکەی خۆیدا شارەزایی هەبێت و بتوانێت گفتوگۆی لەسەر بکات**

## هونەرمەندانی کورد لە تاراوگە زۆر بە باشی لێک گەیشتن

لە ئیستادا هونەرمەندانی کورد لە تاراوگە زۆر بە باشی لێک گەیشتن و تێکەڵاوییەکی باشیان پەیدا کردووە لەگەڵ هونەرمەندانی بیانی بەتایبەت ژەنیارە کوردەکان زۆربەیان لەگەڵ ژەنیاری بیانی کاردەکەن و هەر لەو ڕێگایەشەوە توانیویانە کەم تا زۆر هونەری کوردی بناسێنن نمونەشمان زۆرن.

من هەمیشە کاری کەموو جوانم هەڵبژاردووە گرنگ نییە کەم دەرکەوم یان درەنگ دەرکەوم چوونکە من کار بۆ دەرکەوتنی خۆم ناکەم، وە هەندێ هۆکاری تریش هەبوون لە ڕێمدا، بەڵام گۆرانییەکی خۆش کە بتوانێ بۆ هەتا هەتایی ببێتە یادگاری کەسێک بۆ من لە هەزار گۆرانی ناخۆش و نەشاز گرنگترە.

بەرهەمی نوێشم زۆرن کۆمەڵێک ئاواز و گۆرانیم ئامادەیە لە هەوڵداندام بۆ تەواوکردنیان بە هیوام بتوانم بە زووترین کات بیانخەمە بەر چاوو گوێی هەموو کوردێک بەتایبەت ئاشقان و هۆگرانی دەنگ و هونەرەکەم.